Dengekan
Signature Not Verified
Digitally signed by Dengekan
DN: cn=Dengekan, o=Goran Abdullah, c=US
Date: 2002.12.05 23:51:18 -06'00'

# ئێمە بەکرێگیراوانی ڕژێمی عێراقین

بەوەدا بێجگە لە خودی جەلال تالەبانی کەسی دیکە مافی ئەوە نییە بە ناوی یەکێتییەوە بدوێ، دەمزانی داکۆکیکردنی فوئاد مەعسووم و فەرەیدوون عەبدولقادر لە نیزار خەزرەجی، هەڵوێستی خودی سکرتێری یەکێتییە و ئەوان لەسەر خواستی وی داکۆکیان لە جەنەڕالی ئەنفال و بای مەرگ کردووە.

بۆ ئەوانەی درەنگ تێدەگەن، وا لێرەدا قسەکانی جەلال تالەبانی کە ٢٠٠٢/١٢/٤ لە کوێت، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەریدا سەبارەت بە سەرلەشکری پێشووی عێراق نیزار خەزرەجی کردوونی، دەنووسمەوە:

(تاوانبارکردنی نیزار خەزرەجی بەوەی گوایە دەستی لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفالکردنی کوردستاندا هەبووە، مانۆڕێکی زیرەکانەی ڕژێمی عێراقە، تا ئەفسەرە پایەبەرزەکانی دیکەی لەشکری عێراق بە ئۆپۆزیسیۆنەوە پەیوەست نەبن. من خۆم نامەیەکم بۆ وەزیری دادی دانمارک هەنارد و تێیدا هەموو ئەو تۆمەتانەم بە درۆ خستەوە کە دراونەتە پاڵ خەزرەجی.)(*)

ئەمە جێگەی سەرسووڕمان نییە کە سکرتێری ینک داکۆکی لە خەزرەجی بکات، ئاخر لە ٢٠٠٢/١١/٢دا لە تەلەڤیزیۆنی (LBC)یەوە داکۆکی لە سەددام حسێنیش کرد و زۆر نیگەرانی ئەوە بوو، ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو فاشستە دادگایی بکرێت.

جەلال تالەبانی لە کوێتەوە ڕاستەخۆ و بە ڕاشکاوی بە هەموو ئەوانەی لە دژی خەزرەجی:
داوایان تۆمار کرد،
گەواهییان دا،
بەڵگەنامەیان گەیاندە وەزارەتی دادی دانمارک،
لە خۆپیشانداندا بەشدارییان کرد،
قسەیان کرد،
دێڕێکیان بڵاو کردەوە،
دەڵێت: ئێوە بەکرێگیراوانی ڕژێمی عێراقن.

کۆیلەی گوێڕایەڵتان
**حەمەسەعید حەسەن**
2002. 12. 06

(*) طالبانی من الکویت، حمد الجاسر، الحیاه، الشؤون العربیه ٢٠٠٢/١٢/٥ لندن.